# جێگیرکردنی سەرکەوتنی کورد لە کەرکوک

د.جەبار قادر

رەنگبێ کاتێ ئەم چەند دێرە دەخوێنیتەوە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی عیراق راگەیاندرابێتن . ئاساییە لێکدانەوەی جیاواز لە مەر ئەو ئەنجامانە هەبن . گەلێ کەس دلڵخۆش دەبن بەو سەرکەوتنەی بەدەستیان هێناوە و خەڵکی واش هەن زۆر دلگران و خەمبار دەبن و دەکەونە خۆ بۆ ماراسۆنی داهاتوو لە کۆتایی ساڵی 2005 دا . هات و هاوار و پروپاگەندەی دژ بە خواستە رەواکانی کورد لە کەرکوک لە لایەن هەندێ ناوەندی سیاسی و دەزگای راگەیاندن و دەولەتەوە نەک هەر کۆتاییان پێنایە ، بەڵکو دەبێ چاوەروانی ئەوە بین کە توندتر و دوژمنکارانە تر ببن .

هەندێ لەمانە بەشێکن لە گەمەی دیموکراسی و بەشێکی تری پەیوەندی بە باری سیاسی ئەو دەڤەرەوە هەیە کە بە پرۆسەی گواستنەوە و سەرلەنوێ سازبوندا تێدەپەرێ ، کە پرۆسەیەکی یەگجار ئالۆز و پر لە مەترسی و کۆسپ و تەگەرەیە .

لەم کاتەدا کورد مەستە بەو سەرکەوتنەی لە کەرکوک بەدەست هاتووە ، ئەگەر پێشبینیەکانی میدیای کوردی ئەمجارە راست دەرچن و بە دەردی هەشتا و پێنج لە سەدەکەی دەرەوەی عیراق نەچن . مافی کوردی کەرکوکە ئاهەنگ بگێرن و دلڵخۆشی خۆیان دەرخەن دوای دەیان ساڵ مەینەتی و کوێرەوەری ، بەلاّم بەبێ ئەوەی هەستی دانیشتوانی تری کەرکوک بروشێنن و رق و کینەیان قوڵتر بکەن .

پێموایە ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە یەکسەر لە دوای روخانی رژێمی سەدام لە کەرکوک نەکرا . هەڵبەتە ئەمە کارێکی ئاسان نیە و دەیان کۆسپ و تەگەرەی بابەتی و دروستکراوی لە بەردەمدایە . لە گەڵ ئەوەشدا ئامانجەکە ئەوە دەهێنێ کە کورد هەموو هێز و توانا و ئەزمونی خۆی لەم بوارەدا بخاتە گەر . ئەم کارە پێویستی بە ستراتیژێکی دوربین و هۆشمەندانە هەیە و هیچ شتێ کۆی ناکاتەوە لە گەڵ لۆژیکی شەرە پەرۆ و ململانێی حیزبیدا . کورد پێویستی بە هێزی سیاسی و هاوپەیمان و خاوەن هەڵوێست هەیە لە نێو تورکمان و عەرەبی کەرکوکدا . نابێ کورد قەت پەنا بباتە بەر لۆژیکی کرێگرتە لە پەیوەندییەکانیدا لە گەڵ نوێنەرانی ئەو گەلانەدا. لای هەموومان ئاشکرایە کرێگرتەی کورد چییان بۆ رژێمی بەعس کرد و سەنگیان لە نێو کۆمەلگەی کوردەواریدا چەند وچۆن بوو.

ئەورۆ خەڵکی ئەو شارە سەرباری ئالۆزی سیاسی و ژەهراوی کردنی ژیانی کۆمەلأیەتی نێوان گروپە ئەتنیکیەکان ، روو بە رووی کۆمەڵێ کێشە و قەیرانی ژیانی رۆژانە بونەتەوە کە پێویستیان بە بەرێوەبەرایەتی کارامە و دەست پاک و دادپەروەر هەیە . لەم رێگەوە کورد دەتوانێ نمونەیەکی باشی بەرێوەبەرایەتی پێشکەش بە خەڵکی کەرکوک بکا و هەنگاوێ لە هەرێمی کوردستان نزیکیان بکاتەوە . ئاسانکارییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک و پاراستنی ئاسایش و ماڵ و حاڵ و مافەکانیان کاردانەوەی گەورەیان لە سەر بریاری سیاسیان دەبێ . ئەزمونی بەرێوەبەرایەتی کورد لە هەولێر و سلێمانی لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندێ وەلاّمی ئەم داخوازییە رەوایانەی دانیشتوانی کەرکوک دەدەنەوە ، پرسیارێکە لێکدانەوەی زۆری دەوێ و لەم وتارە کورتەدا جێگەی نابێتەوە هەرچەندە راستەوخۆ پەیوەندیی بە پرسی جێگیرکردنی سەرکەوتنی کوردەوە لە کەرکوکدا هەیە .

یەکێ لە هۆیەکانی ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی کورد لە کەرکوکدا بارەی سیاسی ئاڵۆزی ئەورۆی عەرەبی کەرکوکەوە . گەلێ عەرەب لە نێو کەرکوک و بەتایبەتی لە حەویجە ، کە بۆتە مۆڵگەی پیاوانی سەدام و تیرۆریستە ئیسلامیەکان لە دژی هەڵبژاردن بوون و نەیاندەویست خەڵک بەشداریان تێدا بکات . بەڵام هەر کە لەو راستیە گەیشتن کە بەشدارینەکردنیان لە قازانجی کوردایە کەوتنە خۆیان و کەوتنە هاندانی عەرەب بۆ دەنگدان و هات و هاواریان لە دژی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان دەستیان پێکرد . تەنانەت (دەستەی زانایانی ئیسلام ) کە لە دژی هەڵبژاردن بوو لە سەرانسەری عیراقدا ، ریگەی بە عەرەبی کەرکوک دابوو بۆ بەشداریکردن ، نەبا بە قازانجی کورد بشکێتەوە .

ئەمە ئەو دیمەنەیە کە دەبێ کورد بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە بەرچاوی بگرێ و فەرامۆشی نەکا. واتا عەرەبی کەرکوک بە وانەی حەویجەشەوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا بە گەرمی بەشداری دەکەن و بە زیاتر لە سەد هەزار دەنگ دەتوانن تا ئاستێک کار بکەنە سەر هاوسەنگیی نێوان هێزەکان .

دابەشبونی دەنگدەرانی تورکمان بە سەر چوار لیستی سەرەکیدا فاکتەرێکی تری سەرکەوتنی کورد بوو لە کەرکوکدا . نێوەی تورکمانی کەرکوک کە سەر بە مەزەبی شیعەن ، رەنگبێ زوربەی هەرە زۆریان دەنگیان دابێ بە (یەکێتی ئیسلامی تورکمان) کە لە لیستەکەی سیستانیدا جیگەی گرتوە . ئەوانی تر لە نێوان (بەرەی تورکمانی ) و ( بزوتنەوەی نەتەوەیی تورکمان ) و ( لیستی برایەتی کەرکوک ) دا دابەشبونە . من نێوی هەموو لیستەکانی ئەنجومەنی کەرکوکم لە بەردەستدا نین و نازانم چەند لیست و کەسایەتی تر بەشدارییان لەو هەڵبژاردنەدا کردووە . گرنگ ئەوەیە ئەم دابەشبونەی تورکمان بۆتە هۆی لە دەستدانی ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکانی ئەم گروپە ئەتنیکیە .

پێم سەیر دەبێ ئەگەر گروپە سیاسیەکانی تورکمان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەم هەڵوێستەیاندا نەچنەوە و هەوڵنەدەن بە لیستێکی هاوبەشەوە ، هیچ نەبێ بۆهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەشداریی بکەن . واتا دەبێ بەرپرسانی کورد چاوەروانی ئەوە بن کە زوربەی هەرە زۆری تورکمان لە هەڵبژاردنی داهاتودا بە یەک لیست بەشداریی دەکەن . ئێستا دوای ئەوەی هەر لایەنێک قەبارەی راستەقینەی خۆی دەزانێ ، پیکهاتن لە نێوان لایەنە سیاسی و ئەتنیکیەکاندا گەلێ ئاسان تر دەبێ لە جاران . بۆیە پێموایە نابێ ئەم هەلە زێرینە لە دەست بدرێ . هەرچەندە زوتر کورد دیالۆگ لە گەڵ نوێنەرانی تورکمان و عەرەبی کەرکوکدا دەست پێبکات ، ئەوەندە ئەنجامی باشتر بۆ داهاتوی ئەم شارە دەرەخسێنرێ .

فاکتەرێکی گرنگی تری ئەم سەرکەوتنە بەرچاوەی کورد لە کەرکوک ، هەڵوێستی کوردانەی ئاوارەکانی شار بوو بەوانەشەوە کە تاوەکو ئێستا نەگەرانەتەوە بۆ سەر زێدی خۆیان . سەربای هەموو کۆسپ و تەگەرەکان وادیارە بە ژمارەیەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان کرد و سەنگی تەرازوی هەڵبژاردنیان بەلای کوردا شکاندەوە. هەڵبەتە ئەم ئاوارانە چاوەروانی ئەوە دەبن بزانن ئەنجومەنی نوێی شار چییان بۆ دەکا . ئەگەر ئەم ئەنجومەنە نەیتوانی کۆتایی بە مەینەتی و ئازارەکانیان بێنێ ، کە پێموانیە ئەو کارە لە توانا و دەسەڵاتی ئەنجومەندا بێ ، ئەوا نابێ چاوەروانی ئەوە بکرێ لە دوای یازدە مانگ بەهەمان تەوژم و بەربڵاوی ئەم ئاوارانە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن .

**پێموایه ئەم خاڵانه لە کار و سیاسەتی یازدە مانگی داهاتودا دەبێ لە بەر چاو بگیرێن بۆ ئەوەی ئەم سەرکەتنه جێگیر بێ و گەشتی کۆتایی هێنان بە مەینەتیەکانی کوردی کەرکوک دەست پێبکات .**

**هەڵبەتە بێ گێرانەوەی چەمچەماڵ ، کفری ، کەلار و خورماتو ( نەک دوز یا دوز خورماتو چونکە نێوی هەرە کۆنی ئەم شارۆچکەیە پێش پەیدا بوونی تورک لە ناوچەکەدا بە دوو هەزار ساڵ خورماتو بووە ) ، بۆ سەر پارێزگای کەرکوک و گەرانەوەی تەواوی ئاوارەکانی کەرکوک و هاندانی عەرەبی هاوردە بۆ چونەوە بۆ وڵاتی خۆیان ، گەلێ ئەستەم دەبێ ئەم سەرکەوتنه جێگیر بکرێ و نەیاران بەوە قایل بکرێن کە پەردە لە سەر دۆزی کەرکوک بەیەکجاری دادەخرێتەوە .**

**6.2.2005**